ببێتەوە. لەو هێرشە گەورەیەدا، هەزاران سەربازی عێراقی کوژران و دەیان هەزاریشیان لێ بەدیل گیرا.

سوپای عێراق، جگە لەوەی لە بەرەیەکی بەرفراوان لەگەڵ ئێران لە جەنگدا بوو، هەروەها بەشێک لە سوپا و جبەخانەی لە کوردستان مۆڵدابوو بۆ بەرەنگاریکردنی پێشمەرگە. هێزی پێشمەرگە لە باشووری کوردستان، بەسایی شەڕی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە داگیرکەرەوە، دەرفەتی باشتری بۆ لوابوو تا هێرشی خۆی بۆ سەر لەشکرگە و پێگەسەربازییەکان زیاتر بکات کە پتریان لەنێوچەی "منع التجول" (رێبەندکراو بۆ گەڕان) دا دامەزرابوون. لەسەرەتای هەشتاکاندا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هێزێکی چەندین هەزار کەسیی ئازا و دەستوەشێنی پێکەوەنابوو. لەماوەی سالانی نێوان ٨٠ - ٨٤، بەدەیان پێگەی رژێم لەسەر چیاو گردەکانی نێوچەی (رێبەندکراو بۆ گەڕان) لەلایەن پێشمەرگەوە گیران و، بەسەتان سەرباز و بەکرێگیراوی رژێم تێداچوون. گەلێک لەو گوندە رووخاوانەی کە لە سەردەمی هەرەسەکەی "شۆرشی ئەیلوول"، کاولکرابوون، سەرلەنوێ لەلایەن بنەماڵەی پێشمەرگە و هێندێک لە جۆتیارانی گوندەکانەوە ئاوەدان کرابوونەوە و، نێوچەی ئازادکراوی پێشمەرگە تادەهات بەرینتر و فراوانتر دەبوو.

لەسەرەتای هەشتاکاندا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە مەبەستی یەکلاییکردنەوەی دەسەلات بەسەر "پشتوێنی رێبەندکراو بۆ گەڕان"ی باشووری کوردستان لە چەند شەڕ و هێرشێکدا بۆ سەر "جود" (بەرەی نیشتمانیی - دێمۆکراتی)، لەکات و ساڵی جیاجیادا، لە قرناقا و پشت ئاشانی قەندیل و لە شارباژێری نێزیک سلێمانی و دۆڵی "مالوومە و "جافەتی" و هتد، سەتان پێشمەرگەی "جود"ی لەنێوبرد و دەستیگرت بەسەر بنکە و بارگەیاندا، و توانی خۆی وەک هێزی سەرەکیی نێوچەی "رێبەندکراو بۆ گەڕان" بە رژێمی عێراق بناسێنێ.

بۆ رژێمی سەددام، درێژەدان بە شەڕ لەدوو بەرەی فراوان و بەریندا، هاسان نەبوو و، شکستی گەورەی بە هێزەکانی دێنا و تووشی کارەساتی دەکرد. بۆ دەربازبوون لەو قەیرانەی تووشی ببوون، بیریان لەچارەسەرێکی گونجاو کردەوە. ئەوەبوو، ساڵی ١٩٨٤، رێگەی وتووێژی لەبەردەم یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کردەوە، تابتوانێ بە دڵنیاکردنی سەرکردەیەتیی یەکێتیی بە ئەنجامی گفتوگۆکان، ئەو سوپا و چەکوچۆڵەی لە کوردستان داناوە، بە ئەرخایەنی و بێترس لە کوردستانەوە بەرەو باشووری عێراق و، بۆ پێشگرتن لە هێرشی سوپای ئێران بیانگوێزێتەوە.

کاتێ رژێمی سەددام توانی بەو گاڵتە و گەمەیەی نێوی نابوو (مفاوضات)، هێرشی پێشمەرگە بوەستێنێ و، بە کواستنەوەی هێزەکانی لە کوردستانەوە بۆ باشووری عێراق، پێش بە شاڵاوی ئێرانییەکان بگرێ و، بە دەیان هەزاریان بە گازی کیمیایی بخنکێنێ و، رامالیان بدات، ئەوجا نەتەنێ لەهەموو بەڵێنییەکانی دابووی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پاشگەزبووەوە، بەڵکو داوای تەسلیمبوونەوە و چەکدانانی کردلێیان و، گوتیشی ئامادەیە "لێبوردنی گشتی" رابگەیەنێت!! بەلام هەگەر بیانەوێ شەڕ هەڵگیرسێننەوە، ئەوا بە توندترین شێوە هێرش دەکاتە سەریان و چیا و دەوەن و دارستانی کوردستانیشیان لەگەڵ دەسووتێنێت. دواکۆبوونەوەی نێوان یەکێتی و حکوومەتی بەعس، لەدوارۆژەکانی "وتووێژی یەکساڵە" یان لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤، لە گوندی "بنگرد" ی دۆڵی "مەرگە"، بە گرژی و وشەی هەڕەشەئامێز لەلایەن هەردوولایانەوە کۆتاییهات.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، نەچووە ژێر داواکەی بەعس و، سەرلەنوێ بڕیاری شەڕکردنی دایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، دڵنیابوو کە رژێمی عێراق، ئەوجارەیان هێرشی گەورەتر دێنێتە سەریان و، دەبێ "لە ئێستاوە 'پشتبەرە"یەک بۆ دامەزراندنی بارگە و بنکە و داودەزگەکانی سەرکردەیەتییان دابین بکەن - دیارە لە ئێران زێتر چ جێگە و شوێنێکی دیکە نەبوو کە بیری لێبکەنەوە و بۆی بچن.

بەبۆچوونی لێکۆڵەرەوان و پسپۆڕانی سیاسی و جەنگی لەوسەردەمەدا، ئەنجامەکانی جەنگی "بەسرە" و تێکشکانی سوپای ئێران لە بەرەی باشووری عێراق - ئێران، بەمانای کۆتایی جەنگ و دۆڕانی یەکجاریی ئێران و، سەرکەوتنی عێراق بوو، چۆنکە لەبەرامبەر هێزی سەرتری ئاسمانی و راکێتی دوورهاوێژ و، چەکی کیمیایی و جۆرەها چەکی دیکەی رووخێنەر و کۆمەڵکوژ کە عێراق هەیبوو، ئیدی رێخستنی شەپۆل شەپۆل مرۆڤی خۆبەختکەری ئیسلامی و بەکوشتدانیان لە بەرەکانی شەڕ لەلایەن ئێرانییەکانەوە، دەور و کارکردی خۆی لەدەست دا. هەردوو رژێمی ئێران و عێراقیش لەو راستییە گەیشتبوون کە بەدوای جەنگی "بەسرە" و "فاو" دا، بارودۆخێکی نوێ هاتووەتە ئاراوە و، دەبێ پلانێکی نوێ دابڕێژن.

کارگێڕانی سیاسی و لەشکریی ئێران، لە لێکدانەوەیاندا